# ئازادیی دەربڕین

بەختیار کەریم

"ئەگەر کۆی مرۆڤایەتی جگە لە یەک کەس هاوڕابوون و تەنها ئەو یەک کەسە ڕای پێچەوانەی هەبوو، مرۆڤایەتی لە بێدەنگکردنی ئەو یەک کەسەدا هیچ ڕەوایەتیەکی زیاتری نیە لەوەی ئەو یەک کەسە ڕەوایە کە ئەگەر دەسەلاتی هەبوو و کۆی مرۆڤایەتی بێدەنگکرد."

جۆن ستیوارت میل(1)

(1)

ئەم وتارە هەولێکە بۆ تێرامانێکی کورت لە چەمکی ئازادیی دەربڕین، چەمکێک کە بابەتی مشتومڕ و ناکۆکییەکی فراوانی تیۆرییە. بەلام ئەوەندەی ناکۆکییەکە لە ئاستی دیاریکردنی سنوورەکانی ئازادیی دەربڕیندا بۆتە خولیایەکی بەردەوامی بیریار و نووسەرانی بوارە جیاوازەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکان، ناکۆکییەکە هێندە قوولْ نییە لە ئاستە تیۆرییەکەیدا. لەبەرئەوە لێرەدا کەمترین گرنگی دەدرێت بە پێناسەی تیۆریی ئەم چەمکە. دەشێت دەروازەی تەندروست بۆ چوونە نێو باسەکەوە جیاکردنەوەی بۆچوون بێت لە ڕاستیی (truth) لەلایەک و جیاکردنەوەی بۆچوون و کردار لەلایەکی ترەوە. بەلام بەرلەوە پێویستە پێناسەیەکی کورتی ئازادیی بکەین. لە کۆتاییدا دەپرسین کە مافمان هەیە چی بلێین و کێن ئەوانەی ڕەوایەتییان هەیە بۆ دانانی سنوورەکانی ئازادیی دەربڕین؟

سەرەتا پێویستە بگووترێت بۆچی "ئازادیی دەربڕین" بەکاردەهێنرێت نەک "ئازادیی ڕادەربڕین". ئازادیی دەربڕین چەمکێکی گشتییتر و فراوانترە لە ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی دەربڕین هەموو شێوازێکی دەربڕین دەگرێتەوە لە کاتێکدا ئازادیی ڕادەربڕین تەنها ئاماژەیە بۆ ڕا، یان بۆچوون. ئازادیی دەربڕین دەکرێت ئاماژەبێت بۆ دەربڕین لە ڕا، بۆچوون، بڕوا، بیرۆکە، هزر و هتد...جا ئەم دەربڕینە لەهەر فۆرمێکدا بێت واتە نووسین یان گوتن.

بەهرەمەندبوونی مرۆڤ بە ئازادییەکانی جا ئەو ئازادییانە ناو دەنرێن مافی سروشتیی، مافی مەدەنیی، مافی کۆمەلایەتیی، مافی مرۆڤ یان هەر ناوێکی تر، کاریگەرییەکی قوولْ لەسەر خودی مرۆڤی بەهرەمەند بە ئازادی و کۆی کۆمەلگا دادەنێت. زیادەڕۆیی نییە گەر بگوترێت پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان ئازادی و پێشکەوتن، یان ئازادی و خۆشبەختیی (تاکەکەسیی یان کۆمەلایەتیی)دا هەیە. فەراهەمبوونی ئازادی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ فراژانی تاکی بەرهەمهێن و داهێنەر، لەویوە بنیاتنانی هارمۆنی و ئاسوودەیی کۆمەلایەتی. 'ئیمانوێل کانت' بێبەشکردنی مرۆڤ لە ئازادیی دەربڕین لە هزر دەبەستێتەوە بە بێبەشکردنی هەمان مرۆڤ لە بیرکردنەوە(2). گرنگ نییە ئێمە دەربڕین لە هزرێک دەکەین کە دواجار تێدەگەین هەلەیە، بەلام گرنگ ئەوەیە ژینگەیەکی کۆمەلایەتیی لەبار فەراهەم بکەین بۆ دەربڕین لە هزرەکانمان، ژینگەیەک کە تێیدا لە ئەنجامی ڕاگۆڕینەوە و بەریەککەوتنی بۆچوونەکانمان دەتوانین ئەم بۆچوونانە بەراورد بکەین و هەلە و ڕاستییان

تاقیبکەینەوە و لە ئەزموونی یەکدی فێربین. بۆ تێگەیشتن لەم گرێدانەی ئازادی و بیرکردنەوە لای کانت پێویستمان بە ڕشتنی ئارەقێکی زۆر نابێت بۆئەوەی تێبگەین کە نەبوونی ئازادی لەو سیستەمانەدا کە ڕاستییەکان پێشوەخت بڕیاری لەسەر دراوە، لەلایەن ئایینەوە یان هەر جۆرێک لە ئایدۆلۆجیاوە، بەواتای نەبوونی مرۆڤی بیرکەرەوەیە. هەریەک لە سیستەمەکانی سەرکوتکار، تۆتالیتاریان و ئەوتۆریتێریان لەڕێگای سنووردارکردنی ئازادییەوە هەوڵدەدەن شەڕی هزر و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکەن. هاوکات نەبوونی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کۆمەڵگا دەکاتە جەستەیەکی بەرخۆر کە توانای فەراهەمکردنی خۆشبەختیی نییە بۆ ئەندامەکانی. زۆر گرنگە بزانین کە بۆچوونی پووچ، بۆچوونێک کە توانای نەبێت لەژێر تاقیکردنەوە و لە بەراورد لەگەڵ ئەزموونداخۆی ڕابگرێت، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ناتوانێت بەئاسانی جێگەی خۆی بکاتەوە، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە خاوەنی ئەزموونی درێژن لە وتوویژ (debate)ی کۆمەڵایەتیی.

(2)

بەڵام ئازادی چییە؟ ئەمە دەشێت یەکێک بێت لەو پرسیارانەی کە لە بەرەبەیانی فەلسەفەوە یەخەی بیریارانی گرتووە و هەریەکە لە جیهانبینی خۆی و بەپێی فەلسەفە دیاریکراوەکەی پێناسەی ئازادی کردوە و سنووری بۆ کێشاوە. ئێمە لێرەدا تەنها پشت دەبەستین بە پێناسەی هانا ئارێنت بۆ ئازادی، چونکە پێناسەیەکی بوونگەراییە و پەیوەندیی هەیە بە مەرجی سیاسیی مرۆڤەوە، لەوەش گرنگتر ئارێنت پێیوایە کە ئاخاڤتن و کردار لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدان و زەمینەی سیاسەت ئەو زەمینەیە کە ئاخاڤتن دەبێتە کردارێکی سیاسیی (دواتر سەرنج لە پەیوەندیی ئاخاڤتن و کردار دەدەین کە لەڕووی یاساییشەوە گرنگیەکی زۆری هەیە). هاوکات ئارێنت بیریارێکە کە بەردەوام پشتدەبەستێت بە گەڕانەوە بۆ گریک و ڕۆم، و خولیای دووبارە بنیاتنانەوەی ئایدیای ئازادی دەکات لە ناوکۆییە کۆمارییە کلاسیکیەکەیدا. واتا تێڕامان لە ئارێنت، خود بە خود تێڕامانە لە بیریارە مەزنەکانی گریک و ڕۆم.

پێناسەی ئارێنت بۆ ئازادی لەسەر بنەمای "لەدایکبوون" (natality) بنیاتنراوە، ئەم پێناسەیەی ئارێنت بەوپێیەی بوونگەراییە، تائەندازەیەک هاوشێوەی تێگەیشتنی هایدگەرە بۆ ئازادی. بە بڕوای هایدگەر، ئێمەی مرۆڤ فڕێدراوینەتە نێو پرۆژەیەکەوە کە ئەو ناویدەنێت "پرۆژەی فڕێدران"(throwness projection)(3). بەپێی ئەم تێگەیشتنە، ئێمە ئەگەرچی توانای هەڵبژاردنی هەلومەرج، کات و شوێنی لەدایکبوونی خۆمانمان نییە، بەڵام ناچارین کە ڕووبەڕووی ژیان ببینەوە و بڕیاربدەین. بەم پێیە چەمکی "لەدایکبوون"ی ئارێنتیانە، هاوکات پاسیڤ و ئەکتیڤە، پاسیڤە، چونکە وەک گوتمان مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی هەلومەرج، کات و شوێنی لەدایکبوونی نییە، هاوکات ئەکتیڤە چونکە ئێمە بۆ ژیانکردن ناچارین بڕیاربدەین و "کردار" بکەین، خۆ ئەگەر ئەمەمان نەکرد، ئەوا ناتوانین هیچ کردەیەک لەچوارچێوەی جڤاتی سیاسییدا بکەین. کەواتە بۆ ئارێنت، ئازادی لە ناوکۆییە مێژوویەکەی ئەو هەلومەرجەدا بەرجەستەدەبێت کە ئێمە بەبێ خواستی خۆمان فڕێدراوینەتە ناوی. "لەوێ بوون"، وەک "هاوک برونکهۆست" (Hauke Brunkhorst) دەڵێت: "لەوێ بوون، لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراودا، ئێمە پلانەکانمان دادەڕێژین، کە لە ئەنجامدا سوود دەگەیەنن بەو جیهانەی کە پێکهاتووە لە پرۆژە و پلانی کەسانی دیکە."(4) بەڵام ڕەهەندی یەکلاکەرەوەی ئازادی بەبڕوای ئارێنت (هاوکات هایدگەر و سارتەر) لەو لایەنەی کردارەکانماندایە کە بەخواستی خۆمان نەخشەیان بۆ دەکێشین و ئەنجامیان دەدەین. بەڵام وێڕای ئەم لێکچوونەی هایدگەر و ئارێنت،

www.dengekan.com

ئەوەی ئارێنت جیادەکاتەوە و ناوازە ڕایدەگرێت لەنێو بیریارانی هاوسەردەمی خۆیدا، ئەوەیە کە ئارێنت ئەم ئازادییە لەچوارچیوەی "پەیوەندییدا" پێناسەدەکات، واتا ئازادی پەیوەندییەکی سیاسییە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆجیی هەیە. لێرەدا ڕەهەندە پەیوەندییدارییەکەی (communicative) ئازادی لای ئارێنت، لە ساتەوەختی "لەدایکبوون"دا دەرناکەوێت، کە ئارێنت ناویدەنێت "لەدایکبوونی یەکەم"، بەڵکو لە ساتەوەختی "لەدایکبوونی دووم"دا دێتە ئاراوە. لەدایکبوونی دووەم ساتەوەختێکە کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار، ڕووبەڕوودەبێتەوە لەگەڵ هەڵاوێردی بەڵێ و نەخێر، یان قبوولکردن و ڕەتکردنەوەدا. ئەم ساتەوەختەی لەدایکبوونی دووەم، مرۆڤ دەخاتە بەردەمی "حەقیقەتی تاڵی" بوونی سیاسییانەی خۆی، هەربۆیە ئەم پرۆسەی لەدایکبوونەوەیە پرۆسەیەکی نەپساوەی بەردەوامە. هەموو خرانە بەردەم هەڵاوێردێک لەدایکبوونەوەیەکی دیکەیە، خۆ ئەگەر خۆمان لەم لەدایکبوونەوە بەردەوامە دزییەوە، یان لێیبێبەشکراین، ئەوا ئازادییمان زەوتکراوە/دەکرێت. بە واتایەکی دیکە ئەم ڕووبەڕووبوونە و هەڵاوێردە سیاسییەی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگەکەیدا، بەرپرسیارێتییە، ئەوەندەی هەڵبژاردە و ناچارییە.

تێگەیشتن لە ناوکۆیی پەیوەندییداریی (communicative context) لای ئارێنت، زۆر یەکلاکەرەوەیە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی و هەموو ئەو چەمکانەی ئەم ژنە مەزنە لەسەریان دواوە. بەسانایی مەبەست لە ناوکۆیی پەیوەندییداریی، ئەو ناوکۆییەیە کە مرۆڤ لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵگاکەیدا کرادر دەکەن، بەواتای ئەوەی سیاسەتدەکەن لەسەر بنەمایەکی هاوبەش. لەبەر ئەم مەرجە پەیوەندییدارییە، ئازادی، وەک لەداکیبوونەوەی دووەم و بەرەوژوور، وابەستەیە بە هەبوونی دەسەڵاتی سیاسییەوە لە نێو جڤاتدا، تا مرۆڤ بتوانیت ئەو سەرەتایە دەستپێبکات کە ئارێنت ناویدەنێت "سەرەتای نوێ". بۆ نمونە کۆرەتکردنەوەی جڤاتێک بۆ باڵادەستیی دەسەڵاتێکی دیاریکراو، سەرەتایەکی نوێیە بۆ بنیاتنانی جڤاتێکی سیاسیی، لێرەدا ئارێنت نمونەی شۆرشی ئەمریکی دەهێنێتەوە وەک ئەو سەرەتا نوێیە. گرنگە دووبارە جەخت لەم ناوکۆییە پەیوەندییدارییە بکەینەوە، چونکە ئەگەر ئازادی بریتی بێت لە هەڵاوێرد لەنێوان ئەرێ و نەرێدا، ئەوا دەبێت تەندروستیی جڤات لەبەرچاوبگرین کاتێک بیر لە کردار دەکەینەوە. کردەی سیاسیی، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە بوونی خودی جڤاتی سیاسیی لە مەترسیدایە، پێویستە لە چوارچیوەی جڤاتدا بکرێت. واتا کردار و گوتار لەو کاتانەدابن کە: "وشەکان بەتاڵنین و کردەکان توندوتیژنین، ئەو کاتانەی کە وشەکان ناگوترێن لەپێناو دەربڕینی مەبەستدا بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی واقیعەکان، کردەکانیش بەکارنایەن بۆ پێشێلکردن و تێکشکاندن، بەڵکو بۆ داهێنان و دامەزراندنی واقیعی نوێ."(5)

(3)

با ئێستا سەرنج لە دیدێکی تا ئەندازەیەک جیاواز بدەین. جۆن ستیوارت میڵ، لە یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو وتارانەدا کە لەسەر ئازادی نووسراون پیماندەڵێت کە، ململانێی نێوان ئازادی و دەسەڵات شتێکی نوێ نیە، بەڵام ئەوەی نوێیە داواکاریی ئازادییە لە ناوکۆیی "تاک"دا. میڵ دەڵێت گریک، ڕۆمان و ئینگلیزەکان ئازادییان لە چوارچیوەی بەرژەوەندیی کۆمەڵ، جڤات و چینداپێناسەدەکرد، پیشێلکردنی ئازادی تاک (بە تێگەیشتنە ئەمرۆییەکەی) بەشێکبوو لە چەسپاندی یاسا و ڕاگرتنی هارمۆنی کۆمەڵایەتی، وەلێ پێشێلکردنی ماف و ئازادی ئەو گروپانەی کە بەرژەوەندییان لەبەرچاودەگیرا وەک سنووربەزاندنی دەسەڵات دەبینرا و زۆرجار دەبووە سەرچاوەی شەرعییەت بۆ ڕاپەڕین و یاخیبوون. دوابەدوای ئەمە چەسپاندنی ماف و ئازادییەکان لە چوارچێوەی دەستوردا

بووه پێداویستییەک و زۆربەی دوەڵەتە ئەورووپییەکانی ئەوکات ناچاربوون لەڕێگای ڕێکخستنی دەستورییەوە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگادا دابڕێژن، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو واتایە نەبوو کە ئازادییەکانی تاک لەبەرچاو گیرابێت، بەڵکو ئازادییەکانی تاک چ وەک چەمک و چ وەک پرنسیپ لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و فراژانی دوەڵەتی نەتەوەدا هاتەکایەوە. بێگومان ئەمە بەو واتایە نیە کە فەیلەسوف و بیریاران لە سەردەمەکانی پێشودا تیۆریزەی ماف و ئازادییان نەکردوە، تەواو بەپێچەوانەوە، بەڵکو بەو واتایەیە کە ئازادی تاک لەو سەردەمەدا وەک پرینسیپێکی یاسایی و سیاسیی بە بواری گشتی و زەمینەی سیاسەت ناسێندرا. بەڵام کێشەی چەسپاندی مافی تاک لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا، هەڵگری کێشەیەکی کوشندەبوو، کەتا ئەم ڕۆژگارەی ئەمرۆمان بەردەوامی هەیە. ئەو کێشە بنەڕەتییەی وەک پارادۆکسێک لەهەناوی ناساندنی مافی تاکدا بوو، وەک یەکێک لە پرینسپڵە سەرەکییەکانی شۆڕشی فەرەنسی، برتییە لە بانگەشەی گەردوونیبوونی مافی تاک، هاوکات لەگەڵ مافی تاک وەک مافی نەتەوایەتیی. ئەم تێکچرژانەی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتیی، بەبڕوای هانا ئارێنت، نەک بەتەنها خیانەتی شۆڕش بوو لە پریسپڵە بنەڕەتییەکانی، بەڵکو شکستێکی سەرەکیی ناشیونالیزمیش بوو. واتا پارادۆکسەکە ئەوەیە کە بڕیارە ئێمە وەک مرۆڤ مافمان هەبێت، بەڵام لەڕاستییدا ئەگەر وەک هاونیشتیمانیی نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت نەناسێنراین لە هەموو مافەکانمان وەک مرۆڤ ڕووتدەکرێینەوە، لێرەوە ماف، وەک ئارێنت دەڵێت، تەنها لەناوکۆیی نەتەوایەتیی و لە سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەدا مانای هەیە. دەشێت باشترین نموونەش بۆ پشتگیریکردنی ئەم دیدە، نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد بێت.

لێرەدا سەرنجێکی پێویست لەو پارادۆکسەی ناشیونالیزم بەرهەمهێنیەتی زۆر گرنگە. لەسەرەوە گوترا کە ئازادی تاکەکەس بەرهەمی سەردەمی پاش شۆڕشی فەرەنسی و لەدایکبوونی ناشیونالیزمە وەک ئایدۆلۆجیا و دۆکترینێکی سیاسیی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بێت ناشیونالیزم لە خۆرهەڵات بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی هەمان دیاردەی بەرهەمنەهێناوە؟ واتا چما ناشیونالیزم لە خۆرهەڵات، تەنانەت لە ناوکۆییە نەتەوایەتییەکەشدا نەیتوانیوە ئەو مافانە بۆ هاونیشتیمانیانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەستەبەربکات؟ گەڕان لەدوی وەڵامی ئەم پرسیارە تووشی کێشەمان دەکات و لە بابەتە بنەڕەتییەکە دوورمان دەخاتەوە، بەڵام بەکورتی دەکرێت بگوترێت کە نەبوونی ئەم ئازادییانە زادەی گواستنەوەیەکی ناتەندروستی خودی ناشیونالیزمە، گواستنەوەیەک کە هاوشانی تێرامانێکی قووڵ نەبووە لە بارودۆخی سیاسیی و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان، گواستنەوەیەک کە زادەی خۆشخەیاڵیی و گومڕابوونێک بووە بە ئایدیاڵەکانی ناشیونالیزم و پرینسیپەکانی خودفەرمانڕەوایی و ڕزگاریی نەتەوایەتیی. بەواتایەکی تر ئەو گواستنەوەیەی پرینسیپی ناشیونالیزم هاوشێوەی هەمان گواستنەوەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییە کە تا هەنووکە گوڵی نەکردوە. لێرەوە ناشیونالیزم لە ناوکۆییە مێژوویی و سیاسییەکەی خۆی جیادەکرێتەوە و لەجێگایەکەی تر دەکرێتە پرنسیپ بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتیی، بەڵام دواجار بە پێشێلکردنی کۆی مافەکانی تاک و خنکاندنی کۆمەڵگا کۆتایی دێت. تەنانەت لەو جۆرەی کۆمەڵگادا کە ڕزگاری نەتەوایەتی لە چوارچێوەی پێکهێنانی دوەڵەتی نەتەوەدا بەئەنجام گەیشتوە، مافی تاک جێگەی باس نییە، بەڵکو مافی چین و توێژە جیاوازەکان بەشێوەیەکی شێواو دەکرێتە بانگەشە بۆ هەبوونی ئازادی. بەدەربڕینێکی دیکە لە وڵاتی ئێمەدا ماف و ئازادی هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغێک کە لە ناوکۆیی تاکدا بەرجەستە کرابێت و لە ڕێگای پاراستن یان پێشێلکردنی ئازادی تاکەوە دەربڕێنی لێبکرێت، بەڵکو ئەوە دەستەبژێرە جیاوازەکانن کە پارێزگاری لە ماف و ئازادی توێژەکانیان دەکەن نەک ئازادییەکانی تاکەکەس. ئەمە بەئاشکرا لە هەوڵەکانی ئەو ڕێکخراوانەدا دەردەکەوێت کە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەناسرێن، ئەم ڕێکخراوانە

www.dengekan.com

پارێزەری مافی گروپەکانی خۆیانن و گرنگییەکی ئەوتۆ نادەن بە مافی تاک، دەشێت ئەمە زادەی ئەو ڕاستییە بێت کە خودی یاساکان بەمەبەست ئەو مافە کەمانەی دەیاریدەکەن لە ناوکۆیی گروپ و کۆمەڵەدا دیاریدەکەن و تاک پشتگوێ دەخەن.

(4)

با ئێستا هەوڵ بدەین ڕاستیی لە بۆچوون جیابکەینەوە، ئەگەر ئەمە کارێکی ئەستەم نەبێت. ئایین بەتایبەتی و ئایدۆلۆجیا بەگشتی کۆی جیهانبینیی و ڕەشناڵی خۆیان لەسەر کۆمەڵێک بنەما بنیاتدەنێن کە ناویان دەنێن ڕاستیی، گرنگ نییە جیهان و مەرجی مرۆڤ چیە، گرنگ نییە ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین کام جۆر لە ڕاستیی بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەو ڕاستییانەی ئەوان لەجۆری نەمر، باڵا و پیرۆزن. هەر ئەمەشە وایکردوە تەنانەت کراوەترین جۆری ئایین ڕێگە بەو جۆرە لە بۆچوون و هزراندن نەدات کە ڕاستییەکانی دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەڵام شتێک لەجۆری "دڵنیایی ڕەها" بوونی نییە تەنانەت ئەو ڕاستییانەی ئایدۆلۆجیاکان وەک ڕاستیی نەمر و ترانسندێنتاڵ پێمان دەفرۆشن لە سەردەمێکی دیاریکراودا لەلایەن کۆمەڵێک ڕاستیی ترەوە سەرکوتکراون و ئێستا ئەوان هەوڵی سەرکوتکردنی هەر ڕاستییەک دەدەن کە لەگەڵ بنەما و گریمانەکانی ئەواندا ناتەبابن. دڵنیایی ڕەها چەمکێکە تەنها ئایینەکان بڕوایان پێی هەیە و لە ڕێگای ترسە پیرۆزەکانەوە دەیسەپێنن، چونکە لە ژینگەیەکی تەندروستی وتووێژی ڕەشناڵدا بەرگەی گومانەکانی عەقڵ ناگرن. کاتێک ڕاستییەکان لەسەروو توانای دادوەرییکردن و گومانەوە بوون، ئێمە دیوی دووەمی ئارگومێنتەکە نابیستین چونکە سەرکوتکردنی ئەو دیوەی ئارگومێنتەکە لەگۆڕییە، کەواتە پرۆسەی دادوەرییکردن وەک پرۆسەیەکی ناتەواو و ئیفلیج دەمێنێتەوە و گومانەکان بەردەوام لە فۆرمی نوێدا خۆیان دووبارەدەکەنەوە و ئایین جگە لە سەرکوت و تۆقاندن هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نییە. میڵ پێیوایە ئەم شەڕەی ئایین بۆ پاراستنی بڕواکانی زادەی ئەو بۆچوونەیە کە بڕوا بۆ کۆمەڵگا زۆر گرنگە نەک خودی ڕاستییەکان. ئەو بۆچوونەی پێماندەڵێت هەندێک بڕوا هەن کە نەک تەنها گرنگن بەڵکو ناکرێت دەستبەرداریان بین، لەبەرئەوە ئەرکی حکومەتە ئەم بڕوایانە بپارێزێت وەک هەر بەرژەوەندییەکی تری کۆمەڵگا. ئەم بۆچوونە زۆر ئاشکرا لەپشت بەرژەوەندیی گشتییەوە خۆی پەنهان دەکات و هەوڵ دەدات ڕەوایەتی بدات بە سەرکوتکردنی هەر بۆچوونێک کە گومان دەکات لەو بڕوایانەی ئاماژەیان پێدرا. ئەم بۆچوونە هەوڵی بەیاساییکردنی توندوتیژیی دەدات لە دژی ئەو بۆچوونە سامناکانەی بە وتەی میڵ وەک "بۆچوونی کۆمەڵێک مرۆڤی خراپ" دەناسێنرێن و هەوڵی دۆزینەوەی شەرعییەت بۆ ئەم جۆرە لە سەرکوتکردن لە خودی چاکەی کۆمەڵایەتییدا دەدات.

بەڵام بۆچوون کە بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە و لە گۆڕان و تازەبوونەوەی بەردەوامدایە، تەنانەت ئەگەر خاوەنەکەی کەللەڕەقترین مرۆڤ بێت هەندێک جار ناچاردەبێت لە دروستیی بۆچوونەکەی خۆی بە گومان بێت. ئەگەر زەمینەی وتووێژی کۆمەڵایەتیی فەراهەم بوو بۆچوونەکان دەبنە ئەو ڕاستییانەی کۆمەڵگا بۆ ماوەیەک بڕوایان پێدێنێت، چونکە ئەم بۆچوونانە لە ئەنجامی گفتۆگۆی چڕدا دروستیی خۆیان دەستەبەرکردوە. بەڵام زۆر نابات ئەم بۆچوونانەش پووچەڵ دەبنەوە و بۆچوونی نوێ یان نوێکراوە جێگەیان دەگرن. بۆچوونمان دەربارەی ڕاستیی، یان پێناسەمان بۆ ڕاستیی هەرچییەک بێت، ناکرێت نکوڵی لە گرنگیی ڕاستیی بۆ کۆمەڵگا بکەین، بێگومان هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ کۆمەڵێک ڕاستیی هاوبەش بوونی نییە، بگرە تا هەنووکە هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ ئایین (یان ئایدۆلۆجیایەکی ئایین ئاسا) بوونی نییە. هەربۆیە زۆر گرنگە هێڵێکی زێڕین لەنێوان ڕاستیی

www.dengekan.com

و بۆچووندا بکێشین، چونکە زۆر جار لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ڕاستیی و بۆچوونەوە، بۆچوونە چەوتەکان جێگەیان بە ڕاستیی لەقکردوە و مرۆڤایەتییان بەرەو تاریکی پەلکێش کردوە. چونکە زۆر بەسانایی، "ئەوانەی دەتوانن بڕوابوون بە گەمژەییت لەلا دروستبکەن" ڤۆلتێر پێمان دەڵێت و پاشان هۆشیارمان دەکاتەوە لەوەی "دەشتوانن واتلێبکەن کە کۆکوژیی ئەنجامبدەیت".

(5)

ئێمە لێرەدا بەمەبەست پرسیارە باوەکەی ڕۆشنگەریی پێچەوانە دەکەینەوە، ئەو پرسیارەی کە دەپرسێت: ئایا مافی گوتنی هەموو شتێکمان هەیە؟ لەبەرامبەردا دەپرسین ئایا مافی گوتنی چیمان هەیە؟ ئەم داڕشتنەی پرسیارەکە زادەی ئەوەیە کە هەوڵدەدەین لە لایەنە یاسایی/دادوەرییەکەی پرسیارەکە بکۆڵینەوە، زیاتر وەک لە لایەنە فەلسەفییەکەی. واتا وەک بیریارانێکی وەک مۆریس بلانشۆت و جاک دریدا، پێ لەسەر ئەوە داناگرین کە نووسەران مافی گوتنی هەموو شتێکیان هەیە، بەڵکو دەپرسین سنوورەکانی ئەو مافە کامانەن و کێ ڕەوایەتیی هەیە بۆ کێشانی ئەو سنوورانە. هۆکاری سەرەکیی ئەم داڕشتنە مەبەستدارەی پرسیارەکە ئەوەیە کە، یەکەم: وەک دریدا خۆی دانی پێدادەنێت، ئەگەرچی مافی گوتنی هەموو شتێک چەکێکی سیاسیی بەهێزە، بەڵام هەر خودی ئەم تێرامانە ڕێگا دەدات کە وەک خەیاڵ ببینرێت، چونکە بەرپرسیارێتی یەکێکە لەو فاکتەرانەی ئەم تێرامانە دەکاتە خەیاڵ زیاتر وەک لە هەر شتێکی دیکە(6). دووەم: چەسپاندنی مافی ئازادیی دەربڕین لە هەموو کۆمەڵگاکاندا وابەستەیە بە یاسا و دامەزراوەی یاساییەوە، لەبەرئەوە قسەکردن لەسەر ڕەهایی ئازادی و مافی گوتنی هەموو شتێک لەژێر تاقیکردنەوەی ئیمپێریکیدا خۆی ڕاناگرێت و پووچەڵ دەبێتەوە، یان دەکرێت بڵێین تەنها وەک بانگەشەیەکی شۆڕشگێڕانە دەمێنێتەوە.

یاسای هەر کام لە دەوڵەتانی جیهان بگریت، دەبینیت کە (من) ئەو کەسەیە کە بەرپرسیارێتیی پێدەبەخشرێت، مافی دەدرێتێ و لە ئەرک و فەرمان بار دەکرێت. (من بوون) ئەو ئاستەی دادوەرییە کە نەدەتوانین دەستبەرداری ببین، نەدەشتوانین لە نێوکۆییە کۆمەڵایەتییەکەی دەربهێنین، چونکە (من بوون) بەرجەستەی دادوەریی یان نادادوەریی دەکاتەوە لەڕووە یاساییەکەیەوە، بەڵام بەبێ هەبوونی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی، خودی(دادپەروەر بوون)ی (من) چ مانایەکی نامێنێت. هەر بۆیە یاساکان بەردەوام (من) بە بەرپرسیارێتی بارگاوی دەکەن، لەپێناوی تەندروستی کۆمەڵگادا. ئەم تێرامانە لە سۆکراتەوە دەست پێدەکات و تا هەنووکەش درێژەی هەیە، چونکە سۆکرات لە دایەلۆگی یەکەمی کۆماردا، پێیوایە کە ئاسانترە (یان دروستترە) کە پێناسەی دادوەریی لە کۆمەڵگاوە بکرێت بۆ خوارەوە. واتا بۆ پێناسەکردن و تێگەیشتن لە دادوەریی، پێویستە لە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا بڕوانین تەنانەت ئەوانەش کە دەشێت زۆر ساکار و لاوەکی بن. بە بڕوای سۆکرات دوو پرنسیپڵی بنەڕەتیی هەن کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن لەکاتی پێناسەکردنی دادوەرییدا: یەکەم، پێداویستیی هاوبەش، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەتەواویی پشت بەخۆی ببەستێت، واتا هەڵەیە لە کۆمەڵگا وەک ناسروشتی بڕوانین. دووەم، جیاوازیی بەهرەکانە، هەر کەسە و بەهرە و توانای جیاوازی هەیە لەوانی دیکە، لەبەرئەوە هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کە دەخوازێت دادوەر بێت دەبێت ئەمە لەبەرچاوبگرێت، هاوکات تاک بەرپرسیارێتی هەیە لەبەرامبەر ئەوانەی لە دەوری دەژین و ئەوانە بە دادوەر دەناسرێن کە بەرپرسیارانە لەبەرامبەر هاوژین و کۆمەڵگاکەیاندا ڕەفتار دەکەن. ئەگەر بە کورتی هەوڵی داڕشتنەوەی ئەم دیدەی سەرەوە بدەین، دەتوانین بڵێین کە، دادوەریی لە دەرەوەی



www.dengekan.com

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەک بوونی نابێت، بەڵکو خودی قسەکردن لەسەری ئاماژەی نائاشناییە بە سیاسەت و یاسا.

کەواتە دادوەریی شێوازێکی (بوون) بەرجەستەدەکاتەوە کە دەشێت لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە بگۆڕێت، بەڵام ئەوەی هەموو کۆمەڵگاکان هاوبەشن تێیدا بەرپرسیارڕاگرتنی (من)ە لەبەردەم ئەو کۆدە یاساییانەی بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە دادوەرن. لێرەدا گرنگی ئازادیی دەربڕین لە ناوکۆییە یاساییەکەیدا، یان فراوانتر لە ناوکۆییە دادوەرییەکەیدا، دەردەکەوێت، چونکە ئازادی دەربڕین زۆربەی کات کارێکی تاکەکەسییە، بەتایبەتی ئەگەر خەیاڵمان زیاتر لای نووسین بێت. ئازادی دەربڕین شێوازێکی بوون بەرجەستەدەکاتەوە، کە لەنێوان (بوونی تاکی من) و (بوونی کۆمەڵایەتی من)دا پردێک دروست دەکات، یان پردێک دەڕوخێنێت. یاساکان هەمیشە دەبنە پارێزەری ئەو پردانەی تاک بە کۆمەڵگاکەیەوە دەبەستێتەوە، جا ئەو پردە لە ڕووخان دەپارێزن یان ڕێگا لە دروستکردنی دەگرن. بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو کۆدە یاساییەکانی جیهان تاک بە ئەرک و بەرپرسیارێتیی بارگاوی دەکەن، بەڵام کەمن ئەوانەی کە مافەکان لە چوارچێوەی تاکدا دادەڕێژن و لە هەمان ناوکۆییدا ڕاڤەی یاسایی بۆ دەکەن. بەڵام خودی ئازادی دەربڕین، چەندە کردەیەکی تاکەکەسییە هێندەش کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەربڕین تەنها ئەو کاتە دەربڕینە کە جگە لە کەسی دەربڕ کەسانێکی دیکە دەبنە بیستەری ئەو دەربڕینە. واتا دەربڕین ئەوکاتە دەبێتە دەربڕینێکی ڕاستەقینە کە هەنگاوی نایە نێو کایەی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی پێداویستیی یاسادانانە بۆ ئەم بوارە هەستیارەی ئازادی. بەڵام پێشنیارکردنی کام جۆر لە یاسا و بەخشینی چەند لە ئازادی، هەڵەیەکی تیۆرییە، چونکە دواجار ئەم کارە تەنها لە ناوکۆییە کۆمەڵایەتی/یاسییەکەیدا شایانی ئەنجامدانە.

جەختکردنەوەی دووبارە لەم ناوکۆییە کۆمەڵایەتییەی ئازادیی دەربڕین زۆر یەکلاکەرەوەیە، چونکە کورت و کرمانج، قسەکردن لە دەرەوەی ئەم ناوکۆییە لەسەر ئازادیی دەربڕین جگە لە کات بە فیرۆدان چی دیکە نییە. توانای دەربڕین، یان قسەکردن بەشێوەیەکی فراوانتر، یەکێکە لەو توانایانەی مرۆڤ، کە لەگەڵ سەندنەوەیدا، مرۆڤ لە هەموو واتاکانی مرۆڤبوونی خۆی بەتاڵدەکاتەوە، ئەم کردارەش (بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە هەموو واتاکانی مرۆڤبوون) یەکەم هەنگاوی دەسەڵاتە ستەمکارەکانە بۆ زامنکردنی باڵادەستیی خۆیان. دەربڕین/ئاخاڤتن، هاوشێوەی کردار، بوونی هەر جڤاتێکی سیاسی بەرجەستە دەکەنەوە، سنوورەکانی دیاری دەکەن و یاساکانی دادەنێن. کۆبوونەوەی ئەندامانی جڤاتێک لە دەرەوەی ئەم دوو کردەیەدا (ئاخاڤتن و کردار) مەحاڵە، دەشێت ئەمە نهێنی پێناسەکردنی ناشیونالیزم بێت، لەلای زۆربەی پارادایمەکان، لە چوارچێوەی زمان و کولتوری هاوبەشدا، واتا نەتەوە بەپێی ئەم تەرزە لە تێرامان پێویستی بە زمانی هاوبەش (بۆ ئاخاڤتن) و کولتوری هاوبەشە (بۆ کرداری جڤاکییانە).

(6)

لە سەرەتای ئەم وتارەدا، بەهرەمەندبوونی مرۆڤمان بە ئازادی بەستەوە بە بەهرەمەندبووی هەمان مرۆڤ بە خۆشبەختیی. ڕێگەمان بدەن لە کۆتاییدا، بەهرەمەندبوونی مرۆڤ بە ئازادیی دەربڕین گرێ بدەین بە بەهرەمەندبوونی کۆمەڵگا بە جۆرێک لە پاسەوانی قسەلەڕوو، کە هەمیشە پاسی دەروازەکانی "شار" دەکەن و ڕاستییەکانی دەپارێزن. کۆدە یاساییەکان هەرچییەک بن، لەبەردەم ڕاستییدا دەستەوسانن، ئەگەر بیری خۆمانی بهێنینەوە، سۆکرات بەپێی کۆدە یاساییەکانی سەردەمەکەی فەرمانی مەرگی بەسەردا سەپێندرا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ زیندوو ماوەتەوە ڕاستیی و

چاکەکانی سوکراتن نەک ئەو کۆدە یاساییانەی ئەویان کوشت. کەواتە، دەسەڵاتداران هەرچەند هەوڵی شێواندنی ڕاستیی و سنووردارکردنی ئازادیی دەربڕین بدەن، هەرگیز سەرکەوتوو نابن. بێپیتترین زەمین بۆ چەکەرەکردنی ستەم ئەو زەمینانەن کە مرۆڤەکانی بەهرەمەندن بە ئازادیی دەربڕین، بیردەکەنەوە و پرسیار دەکەن، گفتۆگۆ دەکەن و هەوڵی بەرزڕاگرتنی چاکەی کۆمەڵایەتی دەدەن. دەکرێت بڵێین لە نائامادەگیی ئازادی دەربڕین و وتووێژی کۆمەڵایەتییدا، خودی سیاسەت خەسێنراوە، یان کورتکراوەتەوە بۆ درۆ گۆڕینەوەی کۆمەڵێک سەرکردە.

وەک لەسەرەوە گوترا، ئازادیی دەربڕین، پەیوەندییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە بە مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە، لێرەوە پێشنیارکردنی جۆرێک لە یاسای یونیڤێرساڵ بۆ بەڕێوەبردن و دیاریکردنی سنوورەکانی ئازادیی دەربڕین، کارێکی هەڵەیە. بەڵام گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە، کە فراوانیی سنوورەکانی ئازادیی دەربڕین، دەبێتە چەکێکی لەبار بەدەست تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگاوە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا، هاوکات دەبێتە فراژێنەری زەمینەیەکی لەباری گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و ژیاندنەوەی پانتایی سیاسەت.

سەرچاوەکان:


(1) John Stuart Mill, (1993), On Liberty, London: Everyman. P.85

(2) Kant, Immanuel,(1784), An Answer to the Question: "What is Enlightenment?"
http://philosophy.eserver.org/kant/what-is-enlightenment.txt

(3) Heidegger, Martin, (), Being and Time, sections 38-41

(4) Hauke Brunkhorst, (2000), Equality and Elitism in Arendt, in The Cambridge Companion to Hannah Arendt, Cambridge: Cambridge University pp.187-200.

(5) Arendt, Hannah, (1998), The Human Condition, 2nd edition, Chicago: The University of Chicago Press, pp 175-47

(6) Derek, Attridge, (1992)This Strange Institution Called Literature, an Interview with Jacques Derrida, in Jacques Derrida, Act of Literature, edited by Derek Attridge, New York: Rutledge, p.38.


www.dengekan.com